www.kungfutoa.ch/ayub.rahmani



ئەیوب ڕەحمانی
rahmayub@yahoo.de

# بوش چرای سەوزی لێدا بۆ ئەردۆغان لەمەڕ هێرشی نیزامی دژی کوردەکان (بەشی 2)

" وەرگێڕ: مەبەست لەم وەرگێڕانانە، هەم ئاگا کردنەوەی خوێنەری کوردە لە بیر و بۆچونە جیاوازەکانی خەلکانی وڵاتانیتر و هەم دیتنی پشتی ڕوداوەکانە و وەرگێڕانی هەر مەقالە یا مەتلەبێک، ئیلزامەن بە مانای دروست یا غەلەت، قەبوڵ یا ڕەدی بیر و بۆچونی ئەو نوسەرانە نیە! ئەگەر کەم و کوری و ئیشکالاتێکیش لە تەرجومەکەدا دەبینرێت یا بم بورن، یا تکایە لەو هەڵانە ئاگادارم کەنەوە! سپاس"

wsws.org
World Socialist Web Site
Herausgegeben vom Internationalen Komitee der Vierten Internationale, IKVI

وتاری هەیئەتی نوسەران 10.11.2007
ڕێکەوتی وەرگێڕانی بەشی دوهەم 13.11.2007

## کوردەکان وەرزێڕە قوربانی کراوەکان

ئەو بڕیارەی دژی پکک، کە حکومەتەکانی ئەمریکا و تورکیە، بە بەرەکەت و پشتیوانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان واتە یوئێن و گروپی سەنعەتی گ8 و هەروەها هێزە هەرێمیەکانی ناوچەکە داویانە، چەند تاوانێکیتر بە هەمو ئەو تاوانە زۆرانەی کە لە ژێر سێبەری شەڕی عێراقدا تا ئێستا کراون، زیاد دەکات. قوربانیەکانی شەڕی تورکی - ئەمریکایی نە تەنیا هێزە چەکدارەکانی پکک لە خۆ دەگرن، کە لە عیراق خۆیان حەشار داوە، بەڵکو خەڵکانی کوردستان لە هەر دو لای حدودەکانەوە و هەر وەها چینی کرێکاری تورکیەش لە خۆ دەگرێت. کوردە نیشتەجێکانی ئەم ناوچانە قەرارە کە ڕۆڵی وەرزێڕە قوربانیەکان ببینن بۆ ئەوەی کە مشت و مڕە نهێنیەکانی بەینی ئەمریکایەکان و تورکەکان بە شێوەیکی کاتی بشارنەوە.

سایتی *World Socialist Web Site* Die ئۆپێڕاسیونی هاوبەشی ئەمریکی – تورکی دژی پکک زۆر بە توندی ڕەت دەکاتەوە. پکک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی نیە، بەڵکو جولانەوەیکی ناسیونالیستیە، کە بە هۆی دەیان ساڵ تا بە ئەمرۆکەش چەوساندنەوە و ژێردەستەیی گەلی کوردستان تەئسیراتی لە سەر خەڵکەکەی داناوە و هەروەها لە لایەن خەڵکیشەوە پشتیوانیشی لێدەکرێت.


PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

شێوەی زۆر توند و تۆڵی هەڵس و کەوتی ئەمریکایەکان دژی پکک، تەنیا بەوەندە دەچێتە ژێر پرسیارەوە کە واشنگتۆن هاوکات پشتیوانی لە پەژاک دەکات، کە ڕێکخراوەیکی کوردی ئێرانە، کە زۆر بە پکک نزیکە و پێکەوە کار دەکەن، و لە کیوەکانی قەندیلەوە دژی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران شەڕ دەکەن. چ ڕێکخراوێکی چەکداری کە ئەمریکایەکان بە ناوی "ڕێکخراوەی تیرۆریستی" ناوی بنێن و دژایەتیان بکەن و چ ڕێکخراوێکی چەکداری کە ئەمریکایەکان بە ناوی 'شۆڕشگێڕانی ئازادیخواز" پشتیوانیان لێ بکەن، هەمو ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەو کاتەی ئەمریکا لەو ناوچانەدا.

بەرنامەی داڕێژراوی هێرشی نیزامی تورکەکان دژی پکک، هێرشێکی هەدەفداری بەر فراوانە دژی هەمو کوردەکانی ناوچەکە. ئەوان بە بی هیچ پارێزێک هەمو کوردەکانی ناوچەکە دەکێشنە ناو ئەم شەڕەوە و هەوڵیکە بۆ ئەوەی کە شەڕ و ماڵوێرانی کە هەمو ئەفغانیستان و بەشێکی زۆری عێراقیشی گرتۆتەوە، ئەم ناوچانەشی تێوە بگلێنن.

زۆر جێگای سەرنج و پرسیارە کە ئایا گەلی کورد لەو ناوچەدا، تەنانەت ئەگەر سەرۆکە سیاسیەکانیشیان ڕێگا بە تورکەکان بدەن کە هێرش بکەن، بەڵام ئەوان لە بەرانبەر هێرشی نیزامی تورکیەدا بێ هەڵوێست بن. (و: واتە کوردەکان خۆیان، بە بێ حیزبەکان، هەڵوێست وەردەگرن!) ڕابیتەی گەلی کوردستان لەم ناوچەیە لە گەڵ هەردو حیزبەکەی کە حکومەتی باکوری عێراقیان لە کۆنترۆڵی خۆیاندایە - واتە یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان، حیزبەکەی سەرۆک کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی و پارتی دیمۆکراتی کوردستان، حیزبەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی – ئاڵۆز و توندە. شترۆکتور و شێوە بینای هەر دوک حیزبەکان بە شێوەیکی خێڵ و عەشیرەتی دامەزراون و هەردوکیان وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی بەشێکی کەمی خەڵکی کوردی هەرێمەکەن.

لە ناوخۆی تورکیەدا جەوێکی ژەهراوی شۆڤینیستی دژە کوردی، جەوی سیاسی ناو وڵاتەکەی بە تەواوی مەسموم کردوە. ژێنراڵەکان، کە پێشتر لە سیاسەتی ناوخۆییدا لە بەرانبەر ڕەقیبەکانیان دۆڕاندبویان، بە دروستکردنەوەی فەزای دژی پکک-یەوە توانیویانە جارێکیتر بێنەوە سەرەوە. ئا ک پ لە هاوینی ڕابردودا هەڵبژاردنەکانی بردبووە، لە بەر ئەوەی کە زۆر کەس پێیان وا بو ئەم حیزبە هێزێکی دیموکراتە کە لە بەرانبەر ژێنراڵە نیزامیەکانی تورکیەدا، بەرابەری هێز دروست بکەن. بەڵام ئێستاکەش وەزیر ئەردۆغان و سەرۆک کۆمار عەبدوللە گول نامەێ دەست ئاوەڵە کردنیان داوەتە دەستیان و بەم شیوە خۆیان کەوتونەتە دەست ژێنراڵەکانەوە.

ئەم دژایەتیانەی ئەخیری تورکەکان لە دژی کوردەکان، کە پەیوەندی بە دژایەتیکردنەکان لە دژی پککەوە هەیە، ئەو تۆزقاڵە وەعدە و دیانپێدانانە کولتوری و فەرهەنگیانەشی کە لە سایەی حکومەتی ئا ک پ بە کوردەکان درابون، دوبارە بردنیەوە ژێر پرسیار. لە چەند ڕۆژی ڕابردودا بە شێوەیکی بەرنامە بۆ داڕێژراو،

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

**چەند هێرشێکی جیا جیا کراونەتە سەر چەند پرۆژەیەکی کوردەکان. تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش لە تاراوگە شەڕ و پێکدادان لە بەینی کوردەکان و تورکەکان رویاندا. لە شاری بێرلینی ئاڵمان تورکە ناسیونالیستەکان هجومیان بردە سەر مەرکەزێکی کولتوری کوردەکان. لە ئاخری حەوتوی رابردودا چەندین خۆپیشاندان لە هەمو ئاڵمانیا هەم لە دژی پکک و هەم بۆ پشتیوانی لە پکک بەڕێوە چون کە هەزاران کەس بەشداریان تێیدا کرد.**

**ڕەت کردنەوەی هێرش لە دژی پکک لە لایەن ئێمەوە بەو مانایە نیە کە، ئێمە پشتیوانی لە سیاسەتە ناسیونالیستیەکانی ئەوان و شێوەی بەرخودانەکەیان دەکەین. پکک هیچ وڵامێکی پێ نیە بۆ چەوساندنەوی مێژویی گەلی کورد. بە بەهانەی ئەو ڕەوشتەی کە پکک گرتویانەتە بەر، حاکمانی تورکیە توانیویانە کە بە ئاسانی پوازێک لە بەینی کوردەکان و تورکەکاندا بچەقێنن. ئەوان واتە پکک بە کەڕات و بە شێوەیکی نا رێک و پێک هەوڵییان داوە کە بریارنامەیێک لە گەڵ تورکەکاندا ئیمزا بکەن و تەنانەت بەخێر هاتنی هێرشی نیزامی ئەمریکایەکانیشیان بۆ عێراق کرد.**

## بۆنبەست و ئاخری خەتی ناسیۆنالیزم

**ئەمە یەکەمین جار نیە کە کوردەکان دەبنە قوربانی سیاسەتە فرت و فێڵاویەکانی زلهێزەکان و حکومەتەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. مێژوی کوردەکان پرن لەم جۆرە ترادیژیانە. هەمو روداوەکان ئەوە نیشاندەدەن کە کردنەوەی گرێ پوچکەی کێشەی چەوسانەوە و زوڵم و زۆری نەتەوایەتی، هەر وەک مەسەلەی دیمۆکڕاسی، لە ڕێگەی چارەسەری ناسیوناڵیستیەوە قابیلی حەل و فەسڵ کردن نین.**

**حدودی دەوڵەتەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستی ئەمڕۆدا، بەدوای کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی لە لایەن هێزە سەرکەوتوە ئیمپێریالیستیەکان بە ناوی وەرگرتنی میرات لە دەوڵتی عوسمانی، داندراون. وڵاتانی بریتانیا و فەڕانسە هەر لە ساڵی** 1916**دا بە پێی بریارنامەیکی هاوبەشی نهێنی بە ناوی** Sykes-Picot[1] **حدودەکانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیانیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیا کردبووەوە. ئەوان لە بریارنامەی سێڤێردا کە لە** (1920) **بەسترا، حدودە دڵخوازەکانی خۆیانیان بە ناو سەحراکان و کێوەکاندا کێشا، ئەو دو دەوڵەتە بەم کارەیان چەندەها نەتەوەیان لێک جیا کردەوە، نەتەوەکانیان دژی یەکتر بە شەڕ دەدان و دواتریش حاکمێک یاخۆ ئەشرافێکی دەستنیشاندەی باوەڕ پێکراوی خۆیانیان لەوی دەکردە حاکم.**

**(وەرگێڕ: بۆ دیتنی حدودە خوازراوەکانی ئەم بریارنامەیە، بڕواننە ئەو دو وێنەی خوارەوە)**

---

[1] **وەرگێڕ: بڕیارنامەی** Sykes-Picot **لە ڕێکەوتی** 16.05.1916 **لە بەینی دو دەوڵەتی ئیستیعمارگەری فەڕانسا و بریتانیا ئیمزا کرا. ئەم بڕیارنامە لە مانگی یازدەی** 1915**ی زایینیدا لە لایەن دیپلۆماتێکی زیرەکی فەڕانسەوی کە لەو کاتەدا لە بەیروت دیپلۆمات بو بە ناوی** François Georges-Picot **و هەروەها** Mark Sykes**ی بریتانیایی نوسراوە و کاری لە سەر کراوە.**

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com







وەرگێڕ: ئەم دو وێنە لە لایەن منەوە بۆ ڕۆشنتر بونەوەی بڕیارنامەکە هێنراون!

دەوڵەتی ئیستیعمارگەری بریتانیا تەنانەت پێش شەڕی یەکەمی جیهانیش هەوڵی زۆری دا کە کوردەکان لە دژی حکومەتی عوسمانیەکان بە شەڕ بدات، بۆ ئەوەی کە ئا بەم شێوەیە بتوانێت، ئەیالەتی نەوت داری موسڵ کۆنترۆڵ بکات. لە بڕیارنامەی سێڤێریشدا وا پێشبینی کرابو کە کوردەکان و ئەرمەنیەکانیش دەوڵەتی خۆیانیان هەبێت. بڕیار بو کە لە پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی بەس بەشێکی چکۆلە وەک تورکیە باقی بمێنێتەوە. ئەوە بو کە ناسیونالیستەکانی تورکیە بە سەرۆکایەتی مستەفاکەماڵ بە دژی ئەم بڕیارنامەیە یاخی بون و وەستانەوە. دواتر کەمالیستەکان بە دوای شەڕێکی سێ ساڵەی ئازادیخوازانە، تەرەفەکانی بڕیاری سێڤێریان مەجبور کرد بەوەی کە بڕیارەکە هەمدیسان دەستکاری بکەنەوە. لەم ماوەدا بریتانیایەکان عەلاقەیان بە پشتیوانیکردن لە کوردەکان نەما و پشتیان تێکردن، بۆ ئەوەی کە ئەوان پێشتر توانیبویان کە ویلایەتی موسڵ بکەن بە بەشێک لە عیراق و عیراقیش بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بو.

بەو شێوەیە بو کە تورکەکان ئەو حدودانەیان بە دەستەوە گرت کە ئەمڕۆکە بە ناوی تورکیە بە دەستیانەوەیە. کوردەکان کە گەلێکی 26 میلیون کەسی دەبون بێ دەوڵەت مانەوە. ئەوان بە سەر چوار دەوڵەتدا – ئێران، عێراق، تورکیە و سوریە - دابەشکران. کوردەکان لەو کاتەوە تاکو ئێستا دایمە و دەرهەم لە لایەن داگیرکەرانیانەوە توشی وەحشیانەترین چەوسانەوەی نەتەوەیی و ڕەگەزی بون.

کەمالیستەکان ناتەوان بون لەوەی کە ولامێکی دیمۆکراسیانە بدەنەوە بە پرسی نەتەوەکان و بەو هەمو نەتەوە جۆراوجۆرە بە ئاینگەلی جیاوازەوە کە ساڵیانێکی زۆر دور و درێژ هەمویان لەو ناوچەدا پێکەوە ژیابون. شەڕە ئازادیخوازیەکانی تورکەکان بە دەرکردن و ئاوارەکردنی دەستە دەستەی گروپە نەتەوەیەکان کۆتایی پێ دەهات. یەک میلیون و نیو یونانی ناچار کران کە تورکیەی نوێ بە جێ بێڵن و یەک میلیون تورکی یونانیش، یونانیان بەرەو تورکیە بە جێ هێشت. زیاتر لە یەک میلیون ئەرمەنی لە 1915 لە تورکیە کۆمەڵکوژی کران و یا

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

دەربەدەر و ئاوارە کران. کوردەکان کە تەقریبی یەک پێنجەمی دانیشتوانی تورکیا دەبون، بە هیچ کلۆجێک مافی کەمایەتی نەتەوەییان پێ نەدرا. لە ناو تورکیەی نوێی مۆدێرندا، تەنیا و تەنیا "تورکەکان" بونیان بو و دەژیان. هاتنە ئارای کولتوری کوردەکان یا خۆ باس کردن و بە ڕەسمی ناسینی کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکان، هەتاکو ئەمڕۆش لە تورکیە جەزای زۆر حەساس بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

لەوکاتەوە تاکو ئێستا هەر جۆرە هەوڵ و تەقەلایێک کە تەنانەت بۆنی ئەوەی لێ هاتبێت کە ئەو حدودە دەستکردە داندراوانە هەڵبوەشێنێتەوە یا خۆ ئاڵ و گۆڕی پێ بکات، ئەوە بە خویناویترین شێوە شەڕ و پێکدادانی لێبۆتەوە و دەسبەجێش زلهێزە ئیمپێریالیستیەکانی بە دوای خۆیدا ڕاکێشاوەتە ناوچەکە. پارتە کوردیە ناسیونالیستەکان کە بۆ دەوڵەتێکی کوردستانی سەربەخۆ هەوڵ دەدەن، ئیجازەیان داوە کە دایمە و دەرهەم ببنە ئەبزاری دەستی ئیمپێریالیستەکان و ئەوانیش بە ئارەزوی دڵی خۆیان هەڵیانسوڕاندون. ئەم حاڵەتە بەس شامیلی حاڵی پارتی دیمۆکڕاتی کوردستانی بارزانی و یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی تاڵەبانی، کە بە شێوەیێکی زۆر عەشیرەتی و سونەتی بنەماکانیان ساز کراون و هەر بەم بۆنەشەوە زۆر بە ئاسانی دەبنە بەردەستی ئەم دەوڵەت و ئەو زلهێز، ناکات، بەڵکو هەروەها شامیلی پکک ش دەکات، کە بنەما مائۆئیستی- ستالینیستیەکەی و پرسیارە نەتەوایەتیەکەی، هەمو هەوڵەکان لەمەڕ پرسیاری چینایەتی مەخدوش دەکات.

(وەرگێڕ: ئەمانە هەمو بیر و بڕوای نوسەری بابەتەکەن)

سەرچاوەی ئاڵمانی:

http://www.wsws.org/de/2007/nov2007/pkk-n10.shtml

درێژەی هەیە ..............

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com